# چەپکێك شیعر

عەلی نارێنی

1

لەو دیو پەنجەرەکەیەوە
هەر بە چاو
روخسەتی هەموو شتێکی دامێ
لەم دیو پەنجەرەکەمەوە
هەر بە خەیاڵ
کردم بە بووکی ماڵەکەم

2

جارێکیان ماچێکی دامێ
لە تامی خەیاڵ ئەچوو
منیش شیعرێکم داێی
لە رەنگی ماچ

3

لە بەیانییەکی سپیدا
یەکمان ناسی و..
لە ئێوارەیەکی شیندا
سەفەر لە یەکی دابڕین
دەیان پاییزو بەهار تێپەڕین
دیسان یەکمان بینییەوە
بەلآم هێشتا
نە گولآڵەی ئارەزوویەك هەڵوەریبوو
نە درەختی خۆزگەیەکیشمان
چرۆی کردبوو

4

چی تابلۆیەکی پر سیحرە
کوڵمەکانی
پێستێکی سپی...سپی و تەنك
خوێنێکی ئاڵ...ئاڵ و جوان
لە ژێریدا
گڕی گرتوە

5

روو ئەکەمە هەر لایەك
ئاوەدانەو...
دەنگی ژنم دێتە گوێ
چەند چۆڵن ئەو جێگایانەی
دەنگی مۆسیقایان ناگاتێ

6

مەمکەکانت
دوو باڵندەی لاسارن
شەڕ بە کراسەکەت ئەفرۆشن
دە یەخەت ئاوەلاکە
با زەوی پڕ بێ لە ئازادی

7

ئەدرەسی خۆمت ئەدەمێ
بەلآم ئەشترسم وون بی
هەموو پیاوەتی خۆمت پێ ئەبەخشم
بەلآم بەو مەرجەی ژن بی
هەموو وشەو...
شیعرو...
کەرەسەو....
شتە جوان و پیرۆزەکانیشم پێشکەشت بن
ئەگەر بڕیارە بۆ من بی

8

ئەو شەپۆلەی لە پرتاوێك
کە خۆی ئەگرێتە کەنار
لە عاشقێکی شێت ئەچێ
پەلەی جێژووان بکا
**
ئەو شەپۆلەی لە پرتاوێك
کە خۆی ئەگرێتە کەنار
لە عاشقێکی دڵشکاو ئەچێ
دوای دابڕان پەلەی مەیخانەکان بکا

9

من لە سۆراخی گوڵدام

بولبولیش بۆ ژوانی گوڵە باخێك بێحاڵە
ئینجانە لە چاوەڕوانی گوڵدایە
دەستی دیاریش درێژ بووە
بۆ چەپکێ گوڵی رەنگاڵە
گوڵیش چەند بێباکە لە ئێمە و..
چەند تەژییە لە شیرینی
گوڵیش چەند بەتاڵە لە تاسە و...
چەند پڕە لە نهێنی

10

گوڵەکانی حەوشەکەمان
تەنیا وەرزێك پشکوتن و...
سێ وەرزەی تر هەڵوەرین
من نازانم لە بەرچی
خەڵکی ئەڵێن
گوڵ نەیتوانی
هەمیشە وەکو تۆ جوان بن
لە داخانا پەڕە..پەڕە هەڵوەرین و...
گەڕانەوە کۆشی زەمین

11

ئەگەر ئەتەوێ
هەموو بەیانییەك دێمە بەر دەرگاکەتان
بەیانییەك و..دووبەیانی و..
سەد بەیانی و..
پێت ئەڵێم
ژیکەڵە گیان بەیانیت باش

تۆش..تەنیا وتەنیا
یەك ئێوارە
پێش مەرگم
پێش هەڵوەرینم
وەرەو لە دەرگا بدە
کە دەرگام لێکردیتەوە
بە بزەیەکەوە پێم بڵێ
پیرە منالْ ئێوارەت باش

12

تۆ دواین کەسی
کە ئیتر دڵبەندت کردم
بە عیشقت و...
بە جوانیت و...
بە نازو خەندەی شیرین
*
دواین وێستگەیت
کە ئەگەر پێکەوە بژین
رەوتی ژیانم ئەگۆڕی
لە راستەوە بۆ چەپ و..
لە حەرفەوە بۆ شیعرو..
لە گریانەوە بۆ پێکەنین
*
دواین فیشەکیشیت
کە ئەزانم ئەگەر مەیلی فیراقت کرد
ئەمکوژی وبە ناخمدا رۆئەچی
لە خەمەوە بۆ ژان و..
لە ژانەوە بۆ برین